





# یەکسان بوون
# لە فنلاندا

## زانیاری
## بۆ ژنان وپیاوانی
## کۆچبەر

SISÄASIAINMINISTERIÖ
وەزارەتی ناوخۆ

VÄHEMMISTÖVALTUUTETTU
نوێنەری کەمایەتیەکان

TASA-ARVOVALTUUTETUN TOIMISTO
نووسینگەی نوێنەری
یەکسانی

## لەم نامیلکەدا ئەم باسانەهەیە

سەبارەت بەکۆمەڵگای فنلاندا ٣
ژن وپیاو لەژیانی خێزانیدا یەکسانن ٥
سەبارەت بەڕیفاهی منداڵ ٨
چۆن بۆ کێشەکانی نێوان خیزان و لاوان پشتیوانی بەدەست دێ ١١
سەبارەت بەخوێندن و ژیانی کاریی ١٦
بازرگانی بەمرۆڤەوە ٢٠
زانیاری سەبارەت بەدام ودەزگا وکاربەدەستانی گرنگ ٢١

نوێکردنەوەی دەق: یوهانی سیپۆلا
گرووپی کار: لێنا – مایا کفیست، وەزارەتی ناوخۆ،
پیریۆ کروسکۆف، نووسینگەی نوێنەری کەمایەتیەکان و
مینا لوندێل – کیوروو، نووسینگەی نوێنەری یەکسانی
مونتاج و چاپ: چاپخانەی ئێدیتا پریما (Edita Prima Oy)، هلسینکی ٢٠١٠

ئەم نامیلکەیە وەرگێردراوەتە سەر ئەم زمانانە: ئەلبانی، عەرەبی، دەری،
ئینگلیزی، کوردی (سۆرانی)، فارسی، سۆماڵی، فنلاندی، فیلیپینی،
تایلەندی، ڕووسی وڤیەتنامی.

# زانیاری سەبارەت بەکۆمەڵگای فنلاندا

**لەم نامیلکەدا زانیاری بنەڕەتی سەبارەت بە ژیانی خێزانی، پەروەردەی منداڵ، خوێندن و ژیانی کاری باس دەکرێت بۆ ئەو ژنان وپیاوانەی کەبەنیازن خۆیان وخێزانەکانیان بۆ فنلاندا بگوێزنەوە.**

## مافی بەدەست هێنانی مامەڵەی یەکسان

بەگوێرەی یاسا هەموو کەسێك لەفنلاندا مافی خۆیەتی مامەڵەی یەکسانی لەگەڵ بکرێ. لە یاسای یەکسانیدا هەڵاواردن بەگوێرەی تەمەن، ئایین، بیروباوەڕ، بۆچوون، باری تەندروستی، کەمئەندامی هەروەها مەیلی سێکسی قەدەغەیە. یاسای یەکسانی لەسەر ئاستێکی بەریندا بەڕێوەدەبرێت بۆ نموونەلەکاتی وەرگرتنی کەسەکان شوێنی کاردا، بۆ خوێندن و لە خزمەتگوزاریەکانی کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستیدا. لەیاسای یەکسانیدا هەڵاواردن بەپێی جنس قەدەغەیە. هەروەها هەڵاواردن بەگوێرەی دووگیانی، منداڵ بوون، دایکایەتی وباوکایەتی یان بەگوێرەی ئەرکی سەرپەرشتکردنی خێزان قەدەغەیە. ئامانجی یاسای یەکسانی باشترکردنی یەکسانی نێوانی ژن وپیاو لەژیانی کاریدا، لەمووچەدا، لەخوێندندا، لە گونجاندنی ژیانی کاری لەگەڵ ژیانی خێزانی و لەسەر ئاستی هەموو کۆمەڵگادا بەگشتی.

## خزمەتگوزاریەگشتیەکان

خزمەتگوزاریە گشتیەکان بریتین لەو خزمەتگوزاریە بنەرەتیانەی کە بۆهاووڵاتیان پێشکەش دەکرێن، گرینگترینیان پەیوەندیان بە خزمەتگوزاری کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستی، پەروەردە و فێرکردن، پاراستنی ژینگە و سەرپەرشتی لە تۆری ڕیگاوبان، ئاو وئاوەڕۆ هەیە.

ئەرکی پێشکەش کردنی ئەم خزمەتگوزاریانە دەکەوێتە ئەستۆی شارەوانیەکانەوە. بەڵام میری ئەو خزمەگوزایانە پێشکەش دەکات کە بۆ نموونە خزمەگوزاری گشتین وەکوو پۆلیس، فەرمانگەکانی کاروبژێوی وکاربەدەستان وادامودەزگای پاراستنی کارە. لە فنلاندا سیستمێکی دادگایی بێلایەن و سەربەخۆ لە کاربەدەستە سیاسیەکان هەیە. هەروەها لە فنلاندا رێکخراوی جۆراوجۆر هەیەکە تەواوکەری خزمەتگوزاریە گشیەکانن.

## مافە بنەڕەتیەکانی هاووڵاتیان

مافە بنەڕەتیەکان بریتین لە مافی دەنگدان، مافی ئایین، مافی بیروبۆچوون، مافی رێکخراو بوون و ئازادی قسەکردن، نهێنی نامەگۆڕینەوە، مافی منداڵان هەروەها مافی بەدەستهێنانی ژینگەکی یەکسانً بۆ پەروەردە و فێربوون. لەفنلاندا هەر هاووڵاتیەك مافی هەیە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی لەهەر شوێنێك پێی خۆشبێت، هەڵبژێرێ، و دەشتوانێ ئازادانە لەناو وڵاتدا هات وچۆ بکات. ئەرکەکانی میری و شارەوانیەکانی شوێنی نیشتەجێ لەکاتی پێویستدا ژیانێکی شایستەی ئینسانی دابین بکەن.

### ➢ بازرگانی بەمرۆڤەوە تاوانە و یاسا بەتوندی سزای لەسەر داناوە

لەکاتی بازرگانی بە مرۆڤەوە لە رێگەی کاری سێکسیەوەو/یان لەباری ئابووریەوە کەڵکی خراپ لە قوربانیەکان وەردەگیردرێ. زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە لەلاپەڕە بیستدایە.

### ➢ وەرگێران

ئەگەر توانایی زمانت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کاربەدەستاندا کافی نەبێ، ئەوا دەتوانیت داوای گرتنی وەرگێری زارەکیان لێ بکەیت. نابێ منداڵ وەك وەرگێڕ بەکار بهێنرێت.

# ژن و پیاو لەژیانی خێزانیدا یەکسانن

.

**مەرجەکانی یەکسانی لەمافەکان و ئەرکەکاندا هەردوو هاوسەرەکان دەگرێتەوە . لە فنلاندا پەیوەندی خۆشەویستی و هاوسەرگیری دڵخوازانەیە. ژنان و پیاوان دەتوانن بەشێوەی سەربەخۆ هاوسەر بۆ خۆیان هەڵبژێرن. دایك وباوك سەبارەت بەهاوسەرگیری وهەڵبژاردنی هاوسەر بۆ منداڵەکانیان بریار نادەن**

## خێزانی جۆراوجۆر

نموونەی خێزانی ئاسایی فنلاندی بریتیە لە باوك، دایك و منداڵانی خێزانەکە. بەم هۆیەوە دەتوانرێ بوترێ کەخێزانی فنلاندی بەگشتی بچووکە.

هەروەها دەکرێ خێزان لەئەنجامی پێکەوە ژیانی پیاوێك و ژنێك پیك بێت، کە گرێبەستی هاسەرگیریشیان نەبێ. لەم حاڵەتەدا پیاو و ژنەکە پەیوەندی پێکەوە ژیانیان هەیە. هەروەها کەسانی هاورەگەز وەك نێر ونێر یان مێ و مێ کە هاوسەرن دەتوانن لەفنلاندا پێکەوە بژین وگرێبەستی هاوسەرگیریان لەگەڵ یەکتردا هەبێ یان پەیوەندیەکەیان بەفەرمی تۆمار بکەن. مەبەست لە هاوسەرەکان ئەوانەن کە هاوسەرگیریان پێکەوە کردوە. ئەوانەی کە پەیوەندیەکی تۆمارکراوی فەرمیان لە نێواندایە یان ئەو دوو کەسەی کە پەیوەندی پێکەوە ژیانیان هەیە.

## هاوسەرگیری لەفنلاندا

گرێبەستی هاوسەرگیری لەفنلاندا یان بەشێوەی کڵێسایی یان مەدەنی دەکرێت بۆ نموونە لە فەرمانگەی تۆماری باری کەسێتیدا دەبەسترێ. پێش ئەنجامی گرێبەستەکە لێکۆڵینەوە دەکرێت کە ئایا هیچ رێگریەك لەبەردەم هاوسەرگیریەکەدا هەیە یان نا . دەکرێت لێکۆڵینەوە کە لەلایەن فەرمانگەی تۆماری باری کەسێتیەوە یان لەلایەن ئەو کڵێساوە بکرێ کە هاوسەرەکان یان یەکێکیان ئەندامە تێیدا. بەپێی یاسای فنلاندا کەسێك کە گرێبەستی هاوسەرگیری هەبێ ناتوانێ هاوسەرگیری تری ببەستێ.

هەروەها تەمەنیخوار ١٨ساڵی و خزمایەتی نزیك وەك رێگر لەبەردەم هاوسەرگیریدا تەماشا دەکرێت. ئەگەر لانی کەم یەکێك لەو دوو دەزگیرانە رەگەزنامەی فنلاندی هەبێ یان لەفنلاندا بژی، ئەوا لێکۆڵینەوە لەرێگریەکانی بەردەم هاوسەرگیری بەگوێرەی یاسای فنلاندا دەکرێت.

پێش هاوسەرگیریەکە دوو هاوسەرەکە بریار لەسەر نازناوی ئاییندەی خۆیان دەدەن. بەپێی یاسای فنلاندا ئەوان دەتوانن چ ئەوەی هەر یەکە پارێزگاری لەنازناوی خۆی بکات یان دەتوانن نازناوی یەکێکیان بکەنە نازناوی هاوبەشی خۆیان. دەشتوانن بۆ نازناوی خۆیان ناوێکی پێکهاتە، کە لە نازناوەکەی خۆی و هاوسەرەکەی پێکهاتبێ هەڵبژێرن.

مێرد باوکی ئەو منداڵەیە کە لە چوارچێوەی گرێبەستی هاوسەرگیریدا لەدایك بووە بەبێ ئەوەی هیچ کاروبارێکی تایبەتی ئەنجام بدرێ. بەڵام باوکایەتی منداڵێك کە لە دەرەوەی هاوسەرگیریدا لەدایك دەبێ باوکایەتی کەسەکە دەبێ لەلای چاودێری منداڵ لەشوێنی ژیانی خێزانەکەدا پەسەند بکریت. بە لێکۆڵینەوە و رونکردنەوەی باوکی منداڵەکە پارێزگاری لەمافی منداڵەکە بۆ نموونە لە دابەشکردنی میراتدا دەپارێزرێ.

## ماف وئەرکی یەکسان

بەگوێرەی یاسای فنلاندا هەردوو هاوسەرەکە هەمان ماف وئەرکیان هەیە. هەردوو هاوسەرکە دەتوانن لەرێگەی کارکردنیانەوە بەشداری سەرپەرشتی خێزانەکەیان بکەن. ئەگەر یەکێکیان کار نەکات ئەوا بەشێك لە کاریاری سەرپەرشتی خێزانەکەی لە رێگەی کاری ناوماڵەوە دەگرێتە ئەستۆ. ئەوەیان کە کار دەکات یان بەگشتی ئەوەی کەداهاتی زیاترە دەبێ پارە بەهاوسەرەکەی بدات بۆ کڕینی شت ومەکی ناوماڵ و پێویستیەکانی نۆرماڵی خۆی. ئەگەر ئەو هاوسەرەی داهاتی زیاترە ئەم کارە نەکات ئەوا دەتوانرێ ئەگەر پێویست بکات ناچار بکرێت نەفەقە بە هاوسەرەکەی بدات.

## هاوسەرەکان بڕیار لەسەر دارایی خۆیان دەدەن

هاوسەرەکان بۆ خۆیان بڕیار لەسەر داراییەکانی خۆیان دەدەن. بەپێی یاسا هەردوو هاوسەرەکان خاوەنی ئەو شتومەکانەن کە لە کاتی بەستنی هاوسەرگیریەکەیان هەیان بووە یان ئەو شتومەکانەی لە دوای هاوسەرگیریەکەیانەوە بەدەستی دەهێنن. هاوسەرێك ناتوانێ بەتەنیا خۆی بەبێ ڕەزامەندی هاوسەرەکەی بۆ نموونە خانووی هاوبەشی خۆیان، کەلوپەل یان شتومەکی منداڵ بفرۆشی یان ڕادەستیان بکات.

ئەگەر یەکێك لە هاوسەرەکان بەتەنیا قەرز وەربگرێت ئەوا هەر خۆی لێپرسراوە لە دانەوەی ئەو قەرزە. بەڵام قەرزێك کە بە هاوبەشی وەری دەگرن وەیان قەرزێکی هاوبەش کە بۆ ژیانی کەس وکاری یەکێك لە هاوسەرەکان وەرگیراوە ئەوا هەردوو هاوسەرەکە پێکەوە لێی بەرپرسیارن.

## یاسای پەیوەند بەدارایی

لەسەر دارایی هاوسەرەکان بەشێوەی ئاسایی بەپێی یاسای ئەو وڵاتە مامەڵە دەکرێت کە دوو هاوسەرەکە دوای هاوسەرگیریان تێیدا ژیان بەسەر دەبەن. ئەگەر دواتر دوو هاوسەرەکە گواستیانەوە بۆ وڵاتێکی تر ئەوا بەپێی یاسای ئەو وڵاتە مامەڵە بە داراییەکیانەوە دەکرێت.

بەهەرحاڵ یاسای وڵاتی تازە دوای ئەوە لەسەریان جێبەجێ دەبێ کە دوو هاوسەرەکە لانی کەم پێنج ساڵ تێیدا ژیابن.

بەڵام ئەگەر دوو هاوسەرەکە بە هەمیشەیی لە فنلاندا بژین، ئەوا کاریگەری هاوسەرگیریەکەبۆ سەر داراییەکانیشیان بە گوێرەی یاسای فنلاندا دەبێت. ئەگەر دوو هاوسەرەکە سەرەتا لەوڵاتێکی تر بژین ودواتر بۆ فنلاندا بگوێزنەوە، ئەوا یاسای فنلاندا دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر ژیانیاندا لە فنلاندا بەسەریاندا جێبەجێدەکرێت. پێش ئەوە یاسای وڵاتی پێشوو کە لێی ژیاوون لەسەریان جێبەجێ دەکرێت. بەڵام ئەگەر دوو هاوسەرەکە لە فنلاندیە گەڕاوەکان بن، ئەوا یاسای فنلاندا دەستبەجێ دوای بەدەست هێنانی نشینگەیی هەمیشەییان لەسەریان جێبەجێدەکریت.

## گرێبەستی دابەشکردنی دارایی

دوو هاوسەرەکە دەتوانن لە ڕێگەی گرێبەستێکی نووسراوەوە دیاری بکەن کە بۆ نموونە یاسای وڵاتی پێشوویان وەیان وڵاتی جێگای نشینگەیی پێشووی دوو هاوسەرەکە بەسەر داراییەکانیاندا بڕوانێ. ئەو هاوسەرانەی کە بۆ فنلاندا کۆچیان کردوە هەروەها دەتوانن لە نێوان خۆیاندا ڕێکبکەون کە یاسای فنلاندا بەسەر داراییەکانیاندا بڕوانێ پێش ئەوەی دوو هاوسەرەکە پێج ساڵ بەسەر نشینگەییان لێرە تەواو بکەن. بۆ نووسینی ئاوا گرێبەستێك باشتر وایە دوو هاوسەرەکە داوای یارمەتی لەفەرمانگەی یارمەتی یاسایی میریەوە و میان لەپارێزەری ترەوە بکەن.

## مافی میرات دابەشکردن

لە فنلاندا ژنان وپیاوان وەك یەك میرات وەردەگرن. منداڵان و ئەوانەی دوای خۆیشیان مافی وەرگرتنی میراتی داراییەکانی دایك و باوکیان لەدوای مردنیان هەیە. لەکاتی مردنی یەکێك لە هاوسەرەکان، ئەگەر ئەو هاوسەرە منداڵی خۆی یان منداڵی منداڵێ نەبوو ئەوا هاوسەرە زیندووەکە هەموو دارایی هاوسەرە مردوەکەی بەمیرات وەردەگرێت.

بەهەرحاڵ ئەم یاسایە جێبەجێ ناکرێت، ئەگەر هاوسەرەکە لە وەسیەتنامەکەیدا شتێکی تری دیاری کردبێت. نووسینی بەڵگەیەك لە پەیوەند بە میراتیەکان واتە وەسیەتنامە ڕێگایەکە بۆ کاریگەری دانان لەسەر شێوەی دابەشکردنی داراییەکان لەدوای مردن.

بەگشتی کۆچبەریش لە فنلاندا بەهەمان شێوەی هاووڵاتی فنلاندی مافی وەرگرتنی میراتی هەیە. بۆ کاروباری میراتی یاسای ئەو ولاتە جێبەجێ دەکرێت کە میراتی بەجێهێڵەرەکە لە کاتی مردنەکەیدا لێی نیشتەجێ بووە. هەروەها دەکرێت لە وەسیتەنامەکەدا ئەوەش دیاری بکرێت کە بەگوێرەی یاسای چ ولاتێك میراتیەکە دابەش بکریت.

لەپەیوەند بەدابەشکردنی میراتی و نووسینی وەسیەتنامەدا بۆ نموونە فەرمانگەکانی یارمەتی یاسایی میری و پارێزەری تر یارمەتی دەدەن.

## جیاوازی نێوان هاوسەرگیری وپەیوەندی پێکەوە ژیان

پەیوەندی پێکەوە ژیان، بەو مانایەیە کە دوو هاوسەرەکە بەبێ بوونی گرێبەستی هاوسەرگیری پێکەوە دەژین. پەیوەندی پێکەوە ژیان لە زۆر حاڵەتدا بۆ نموونە لە زۆرێك لە بڕیارەکانی بیمەی کۆمەڵایەتیدا، هاوشانی هاوسەرگیری بە حیساب دێت. لە پەیوەندی پێکەوە ژیاندا گرنگە لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کرابێت دوای جیا بوونەوە یان دوای ئەوەی یەکێکیان بمرێ دارایی هاوبەشیان چۆن دابەش دەکرێت. هەر گرێبەستێك لە پەیوەند بە داراییەوە پێویستە بە نووسین بکرێت.

بەپێی یاسای فنلاندا پەیوەندی پێکەوە ژیان لەگەڵ هاوسەرگیریدا لەم بابەتانەی خوارەوەدا بۆ نموونە جیاوازیان هەیە:

- منداڵانێك لەئەنجامی پەیوەندی پێکەوە ژیاندا لەدایك دەبن بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەمان ئەو مافە یاساییانەیان نیە کە منداڵانی ناو هاوسەرگیری هەیانە. بەڵکو مافەکانیان لەرێگەی سەلماندنی باوکایەتیەوە دەپارێزرێت.
- کاتێك دوو هاوسەری پەیوەندی پێکەوە ژیان لەیەکتر جیادەبنەوە، ئەوا هەر یەکەیان دارایی خۆی پارێزراوە، ئەگەر لەو بارەوە گرێبەستی نەبەسترابێ.
- هاوسەرەکان میراتی یەکتر وەرناگرن، ئەگەر لەوبارەوە وەسیەتنامە نەنووسرابێت.

پەیوەندی پێکەوە ژیان دەکرێت هۆیەك بێت بۆ وەرگرتنی نشینگەیی، کاربەدەستان بۆ دانی نشینگەیی هەمیشە لەهەر بابەتەو بەجیا دەکۆڵنەوە.

## نەخشەی خێزان و ڕاوێژی بەرگرتن بەمنداڵ بوون

دەتوانرێ لەبنکەکانی تەندروستیدا نەخشە بۆ خێزان و ڕاوێژی بەرگرتن بەمنداڵ بوون بەدەست بێت. دەتوانرێ شتومەکی پیاوان بۆ بەرگرتن بەمنداڵ بوون بۆ نموونە لە بازاڕەکانی خواردەمەنی و دەرمانخانەکاندا بگیردرێ. بەڵام سەبارەت بە ڕێگاکانی بەرگرتن بە منداڵ بوون بۆ ژنان دەتوانرێ لەکاتی چوون بۆلای دوکتۆردا بۆ نموونە لە بنکەکانی تەندروستی قسەوباسی لەسەر بکرێ و زانیاری لەسەریان کۆبکریتەوە.

ژن دەتوانێ لە دووگیانیەکەی دڵنیابێتەوە لەرێگەی ئەنجامی تاقیکردنەوەی دووگیانی لەبنکەی تەندروستیدا ویان بەهۆی دەزگایەکەوە کە لە دەرمانخانە دەفرۆشرێت بۆخۆی تاقیکردنەوەی دووگیانی بکات.

بەژنان پێشنیار دەکرێت کەهات وچۆی ڕێکوپێك و بەردەوام بۆلای دوکتۆری نەخۆشی ژنانەبکەن. بەگشتی ژنان ئەگەر داوابکەن دەتوانن بۆ لای دوکتۆری ژن بچن.

## منداڵ لەباربردن

دوای ئەنجام دانی کاری سێکس ڕاوەستاندنی دووگیانی بەدەرمان پێی دەکوترێ بەرگری دواتر لە دووگیانی. هۆیەکانی ئەم بەرگری دواترە بە زۆری سەرنەگرتنی ڕێگەی بەرگریەکەیە یان ئیغتیسابە. ژنانی تەمەن سەروو ١٥ ساڵ مافیان هەیە دەرمانی بەرگری دواتر لە دەرمانخانە بەبێ ڕەچەتەی دوکتۆر

### هەڵبژاردنی نازناو کاریگەری لەسەر نازناوی منداڵانیش دادەنێ

| | | |
|---|---|---|
| ڕێگای ١ | ژن ومێردەکە نازناوێکی هاوبەش ئەوەی مێردەکە یان ژنەکە بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن. ئەو هاوسەرەی کە نازناوەکەی دەگۆڕێ نازناوێکی پێکهاتە لە نازناوە کۆنەکەی و نازناوی نوێ بەشوێن یەکدا دەبێت. | لەم حاڵەتەدا منداڵەکان نازناوی دایك وباوکیان وەردەگرن. |
| ڕێگای ٢ | هەر هاوسەرەنازناوی خۆی بەکار دەهێنێت. | لەم حاڵەتەدا دایك وباوکەکە دەتوانن هەڵبژێرن، کە ئایا منداڵەکان نازناوی باوکیان یان دایکیان لێ دەنرێ.دەبێ هەموو خوشك وبراکان یەك نازناویان هەبێت. |

وەربگرێت.لە فنلاندا بەپێی هەندێ مەرجی دیاریکراو دەرفەتی ئەوە هەیە کە کۆتایی بە دووگیانی واتە لە باربردنی منداڵ بهێنرێت. لەباربردنی منداڵ دەکرێت ئەنجام بدرێ کاتێك منداڵ بوون مەترسی بۆ تەندروستی دایکەکە پێك بهێنێت وە یاخود دووگیانی و منداڵ بوون بۆ ژیانی دایکەکە زۆر زەحمەت بێ.

ژنانێك کە تەمەنیان لەخوار ١٧ ساڵ و سەروو ٤٠ ساڵە هەمیشە مافی لەباربردنی منداڵیان هەیە ئەگەر خۆیان بیانەوێ. هەروەها ئەگەر بەگویرەی هۆی کۆمەڵایەتیەوە منداڵ لەبار ببرێ ئەوا دەبێ لەماوەی ١٢ هەفتەی یەکەمی دووگیانیەکەوە بکرێ.

لەفنلاندا منداڵ لەباربردن هەمیشە پیویستی بەرەزامەندی ژنەکە هەیە. ئەگەر ژنێك بیر لە منداڵ لەباربردن بکاتەوە، پێویستە هەرچی زووتر پەیوەندی بە دوکتورەوە بکات.

## یارمەتی لە کاتی دووگیانیدا

گرنگەکە دایکی دووگیان سەردانی بنکەی تەندروستی بکات تا تەندروستی تەماشا بکەن. لە ڕاوێژگاکانی دایکانە و منداڵاندا خزمەتگوزاری دوکتۆر و ئامادەکاری بۆ منداڵ بوون بەخۆڕایی لە پێناوی سەلامەتی و تەندروستی دایك و منداڵەکەی کە لە سکیدایە پێشکەش دەکرێت.

پێویستە دایکە دووگیانەکە پێش کۆتایی هاتنی مانگی چوارەمی دووگیانیەکەی سەردانی ڕاویژگای دایکانە و منداڵان وەیان دوکتور بکات. تەنیا ئەو دایکانەی کە لە کاتی خۆیدا هاتوچۆیان بۆ پشکنین کردوە مافی وەرگرتنی یارمەتی دایکانەیان هەیە.

لەو سەردانە بەردەوام ورێك وپێکانەدا بۆ ڕاویژگای دایکانە و منداڵاندا چاودێری تەندروستی و سەلامەتی دایکەکە و منداڵەکە لە کاتی دووگیانیدا دەکرێت. سەردانی ڕاوێژگا بەخۆڕاییە.

هەروەها باوکانیش دەتوانن لەو سەردانی ڕآویژگای دایکانەومنداڵاندا بەشداری بکەن، کە لەوێدا دایك وباوك ئامادە دەکرێن بۆ لەدایك بوونی منداڵەکە.

## خانەی دایکانی لاو

دووگیان بوون لەتاکاو ومنداڵ بوون لەوانەیە کێشە درووست بکات بەتایبەتی کاتێك دایکی منداڵەکە زۆر لاو بێت یان دایك وباوکی منداڵەکە هاوسەرگیریان نەکردبێت یان لایەکیان نەیەوێت هاوسەرگیری بکات. لە ئاوا بارودۆخێکدا دایکە دوو گیانەکە یان دایکەکە و منداڵەکە دەتوانن بۆ خانەی دایکانی لاو بچن. لەکاتی پێویستدا باوکیش دەتوانێ لەوێ بژی.

بەگشتی دایکەکە ومنداڵەکەی ماوەی شەش مانگ لەخانەی دایکانی لاودا دەژین. لەخانەی دایکانی لاودا دایکەکە فێری کاروباری دایکایەتی وچۆنیەتی سەرپەرشتی کردن و ئاگاداری لە منداڵەکە دەکرێت. لەوێدا ڕێنوێنی دایکایەتی وباوکایەتیش دەدرێت. لەفەرمانگەی کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕاوێژگای دایکانە و منداڵانی شارەوانیەوە زانیاری سەبارەت بەخانەی دایکانی لاو بەدەست دێت.

## پشووکانی دایکایەتی وباوکایەتی دوای منداڵ بوون

دوای منداڵ بوون دایك وباوکی منداڵەکە مافی وەرگرتنی پشووی خێزانی یاساییان هەیە. گرینگترینیان پشووی دایکانە بۆ دایکەکە و پشووی باوکانەش بۆ باوکە. بۆ پشووی خێزانی دایکەکە یان باوکەکە دەتوانن یەکێکیان وەری بگرن و لە ماڵەوە بمێننەوە وەیان دایك و باوکەکە دەتوانن بە نۆرە پشووەکانی خێزانی وەربگرن.

بەگوێرەی یاسا، دایکەکە مافی وەرگرتنی پشووی دایکانەی هەیە، کە ١٠٥ ڕۆژی کاریە. لە ماوەی پشووەکانی دایکانە و باوکانە و خێزانیدا پارەیان پێ دەدرێت.

بەشێك لەپشووی دایکانە پێش لەدایك بوونی منداڵەکە وەردەگیرێ وباقیەکەی دوای منداڵ بوون. مەرجی وەرگرتنی پشووی دایکانە ئەوەیە کە دایکەکە دەبێ ماوەی لانی کەم ١٨٠ ڕۆژ پێش منداڵ بوونەکە لە فنلاندا ژیانی بەسەر بردبێت و ماوەی دووگیانیەکەی لانی کەم ١٥٤ ڕۆژی بەسەردا چووبێت.

زانیاری زیاتر سەبارەت بەپشووکانی دایکانە و باوکانە و خێزانی هەروەها بۆ هەر پشوویەکی خێزانی تر لە ڕاوێژگاکانی دایکانە و منداڵانەوە و فەرمانگەی کێلای شوێنی ژیانت بەدەست دێت.

# ڕیفاهی منداڵ

**سەبارەت بە مافەکانی منداڵان، فنلاندا وابەستەی گرێبەستی نەتەوە یەکگرتووەکانە. بەگوێرەی ئەم گرێبەستە، منداڵ مافی خۆیەتی پارێزگاری و سەرپەرشتی تایبەتی لێ بکرێت، بەشی کافی لە سامانی کۆمەڵگای پێ بگات، هەروەها بەگوێرەی تەمەن وئاستی گەشەکردنی وەك خۆی بەشداری لەو بڕیارانەدا بکات کە پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە.**

کچان وکوڕان لە فنلاندا مافی یەکسانیان هەیە. لێدانی منداڵ و هەر تەمبێ کردنێکی جەستەیی لە یاسای فنلاندا قەدەغەیە.

کۆمەڵگا پێکەوە لەگەڵ دایك وباوکدا بەشداری لە سەرپەرشتی تەندروستی منداڵ دەکات. هەر لەکاتی لەدایکبوونی منداڵەکەوە تا تەمەنی دەگاتە حەوت ساڵان ڕیفاهی منداڵەکە لە ڕاوێژگای دایکانە و منداڵاندا چاودێری دەکرێت.

لەو شوێنەدا بەبەردەوامی تەندروستی منداڵ بەگوێرەی کاتی دیاری کراو چاودێری دەکرێت. لە ڕاوێژگای دایکانە و منداڵاندا کوتانە پێویستەکان لە منداڵ دەدرێت وهەروەها زانیاری سەبارەت بەسەرپەرشتی، پەروەردەی منداڵ و دایکایەتی وباوکایەتی دەدریت.

ڕیفاهی منداڵی فێرگە نەخۆشوانی فێرگە، دوکتۆر و دوکتۆری دانی فێرگە بەهاوکاری لەگەڵ دایکان وباوکاندا لێی بەرپرسیارن.

## پشتیوانی مادی لە خێزانە منداڵدارەکان

بەیارمەتی پشتیوانی ئابووری جۆراوجۆر ئاسانکاری بۆ داهاتی خێزانە منداڵدارەکان دەکرێت. بەشێك لەم یارمەتیانە هەموو کەسێك دەگرێتەوە، کە بە هەمیشەیی لەفنلاندا نیشتەجێ بێ. بۆ هەندێ یارمەتی تر پێویست بەماوەیەکی دیاری کراو لەمانەوە و ژیان لە فنلاندا دەکات.

زانیاری زیاتر سەبارەت بەو ئیمتیازانەی کە خێزانی منداڵدار دەگرێتەوە لە فەرمانگەکانی خانەنشینی و نەتەوایەتی واتە (کێلا) بەدەست دیت، کە هەر لەوێیشەوە یارمەتیەکان دەکرێ داوا بکرێن. هەروەها لە ڕاوێژگای دایکانە و منداڵانی بنکەی تەندروستی شوێنی ژیانەوە زانیاری سەبارەت بەکاتی داواکردنی یارمەتیەکان بەدەست دێت.

## سەرپەرشتی منداڵ

ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لەخوار تەمەنی فێرگەوەیە دەکرێت ئەگەر پێویست بێت لە دەرەوەی ماڵەوە لە باخچەی منداڵاندا یان لە سەرپەرشتی ڕۆژانەی خێزاندا سەرپەرشتیان لێ بکرێت. لە باخچەکانی منداڵاندا کارمەندی پیشەوەر تییاندا کاردەکەن، هەروەها سەرپەرشتیارەکانی ڕۆژانەی خێزانیش پیشەی کارەکانیان خوێندوە.

سەرپەرشتی ڕۆژانەی شارەوانی وەیان تایبەتی پشتیوانی لە هاوسەنگی منداڵ و گەشەکردنی هەمەلایەنەی دەکات. وە لە بەرامبەردا ئەم سەرپەرشتی ڕۆژانەیە دەرفەت بەدایکان وباوکان دەدات کە بتوانن وەك یەك بخوێنن وەیان کار لە دەرەوەی ماڵەوە بکەن.

بڕی تێچوونی سەرپەرشتی ڕۆژانەی منداڵ بەگوێرەی داهاتی خێزانەکەیە. بۆ ئەو خێزانانەی داهاتیان کەمە سەرپەرشتی ڕۆژانەی منداڵ بۆیان بەخۆڕاییە. زانیاری زیاتر سەبارەت بە سەرپەرشتی ڕۆژانەی منداڵ لە پرسگەکانی سەرپەرشتی ڕۆژانەی شارەوانیەکان بەدەست دێت. سەبارەت بەشێوەکانی پشتیوانی سەرپەرشتی منداڵ دەتوانرێ لە بەشە ناوچەییەکانی فەرمانگەی خانەنشینی و نەتەوایەتی واتە (کێلا) پرسیار بکرێ.

باوك یان دایك دەتوانێ نەچێتەوە سەرکار و لە ماڵدا بمێنێتەوە بەبێ مووچە سەرپەرشتی منداڵەکەی بکات. بەڵام ئەو دایکە یان باوکەی کە منداڵەکە سەرپەرشتی دەکات لەڕێگەی یارمەتی سەرپەرشتی ماڵەوە یارمەتی ئابووری دەدرێت تا کاتێك منداڵەکەی دەبێت سێ ساڵ.

## خوێندنی زۆرملێ کچان وکوڕان دەگرێتەوە

لە فنلاندا کچان وکوڕان دەرفەتی یەکسانیان بۆ چوونە فێرگە و خوێندن هەیە.

یاسای خوێندنی زۆرملێی گشتی هەموو منداڵانێك دەگرێتەوە کە بەهەمیشەیی لە فنلاندا دەژین. ئەمەش بەو مانایەیە کە تەنانەت منداڵانی کۆچبەریش دەبێ خوێندنی بنەڕەتی کە نۆ ساڵە تەواو بکەن.

پێش چوونە فێرگە منداڵان دەتوانن لە خوێندنی پێش سەرەتاییدا بەشداری بکەن کە لەلایەن باخچەی منداڵانەوە یان فێرگەوە ڕێکدەخرێت. بەگشتی منداڵ لەو ساڵەدا دەچێتە فێرگە کە تەمەنی دەبێتە حەوت ساڵان.
خوێندنی بنەڕەتی، هەروەها لەو پەیوەندەیشدا ماتریاڵەکانی خوێندن، خواردنی فێرگە و خزمەتگوزاری تەندروستی بەخۆڕایین.
زانیاری زیاتر سەبارەت بەو بابەتانەی پەیوەندیان بە چوونە فێرگەوە هەیە لە فێرگەی یان لە بەڕیوەبەرایەتی پەروەردە و فێرکردنی شوێنی ژیانی خۆتەوە و هەروەها لە کارمەندانی فێرگەکانەوە بەدەست دێت.
دوای فێرگەی بنەڕەتی کە نۆ ساڵە، ڕێگەی ئاسـاییی لە بەردەم خـوێندکاردا ئەوەیە کە درێژە بەخوێندنی گشتی لە ئامادەییدا یان لە فێرگە پیشەییەکاندا بدات. دوای ئەوە خوێندکار دەتوانێت لە خوێندنگای باڵادا، لە خوێندنگای پیشەیی باڵا یان لە زانکۆدا درێژەبە خوێندن بدات.

## یەك زمانی بەهێز گرنگە بۆ منداڵ

فرەکەلتووری بوون سامانێکی بەنرخە بۆ منداڵ. دایکان وباوکان دەتوانن لە ڕێگەی قسەکردنەوە بەزمانی دایکی بەبەردەوام لەگەڵ منداڵەکە و ئاشنا کردنی بەکەلتووری خۆی ئەم بوارە بەهێز بکەن. چونکوو منداڵان زمان و کەلتووری فنلاندی لە دەرەوەی ماڵەوە لە باخچەی منداڵان و فێرگەدا فێر دەبن.

## پشتیوانی ئابووری خێزانی منداڵدار

- هەموو دایکێك کە لە فنلاندا دەژی یارمەتی دایکانە وەردەگرێت، کە ئەگەر پێش کۆتایی هاتنی چوارهەمین مانگی دووگیانیەکەی هاتوچۆی ڕاوێژگای یان دوکتۆری کردبێت بۆ ئەنجامدانی پشکنینی تەندروستی. دەکرێ یارمەتیەکە وەك پارە یان وەك پاکەتی دایکانە وەربگرێت. پاکەتی دایکانە جلوبەرگ وشتومەکی پێراگەیشتنی پێویستی منداڵی تازە لەدایك بووی تێدایە.
- پارەی ڕۆژانەی خێزان دەدرێت بەو دایکە یان باوکەی کە، لە ماڵەوە لە ماوەی دە مانگی یەکەمی تەمەنی شیرخۆرەکە سەرپەرشتی منداڵەکە دەکات. پارەی ڕۆژانە لە پارەی باوکانە، دایکانە و خێزان بێکهاتووە. بڕی ئەم یارمەتیانە بەگوێرەی داهاتەکەیانەوە دیاری دەکرێت. دایکان وباوکانێك کە لەسەر کار نەبووبێتن، بڕی لانی کەمی پاری ڕۆژانەیان پێ دەدرێت.
- هەروەها بۆ سووك کردنەوەی قورسایی خەرجێك کە دەکەوێتە ئەستۆی خێزانی منداڵدار بڕی زیادەی منداڵیان پێ دەدرێت. کە هەموو مانگێك بۆ هەر منداڵێکی تەمەن خوار ١٧ ساڵ کە بە هەمیشەیی لە فنلاندا دەژی بڕی ئەو پارەیە دەدرێت.

## کەی منداڵ ڕەگەزنامەی فنلاندی وەردەگرێت

منداڵ لەکاتی لەدایك بوونیدا ڕەگەزنامەی فنلاندی پی دەدرێت ئەگەر:
- لەو کاتەدا کە منداڵەکە لەدایك بوە، دایکی ڕەگەزنامەی فنلاندی هەبوە.
- باوکی منداڵەکە رەگەزنامەی فنلاندی هەیە و لەگەڵ دایکی منداڵەکە کە بیانیە هاوسەرگیری کردوە.
- باوکی منداڵەکە مردووە، بەڵام کاتی مردنەکەی ڕەگەزنامەی فنلاندی هەبوە و لەگەڵ دایکی منداڵەکەدا هاوسەرگیری کردوە.
- منداڵەکە لە فنلاندا لەدایك دەبێ، وە لە کاتی لەدایك بوونەکەیدا ڕەگەزنامەی هیچ وڵاتێکی تری پێ نادرێ

## خەتەنەکردنی کچان قەدەغەیە

شێواندنی کۆئەندامی سێکسی کچان وژنان بەهۆی ئایینی وهۆی ترەوەلەفنلاندا بەگوێرەی یاسا تاوانە. بۆ ئەم کارەدەکرێ‌ئەنجامدەرەکەی بەچەندین ساڵ زیندانی سزا بدرێت.

## خەتەنەکردنی کوڕان

خەتەنەکردنی کوڕان لە فنلاندا قەدەغە نیە. بەڵام خەتەنەکردنەکە دەبێ هەمیشە لە باروودۆخێکدا بکرێ کە، کەسانی شارەزای بواری پزیشکی لێ بێت، خاوێنی و دەرمانی ڕەواندنەوەی ئازاریش فەراهەم کرابێت.

# پشتیوانی بۆ کیشەی نێوان خێزان و لاوان

**لە فنلاندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆ وەیان خێزان پشتیوانی هەمەلایەنە پێشکەش دەکرێت. کەڵك وەرگرتن لە خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی بەخۆڕایی و جێگای متمانەیە.**

هەمیشە هیز وتوانای خۆ بەشی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ژن ومیرد، منداڵانی خێزانەکە، ناکۆکیەکانی خۆ یان کیشەی تر ناکات. هێشتنەوەی کێشەکان بەبێ چارەسەری وەزعیەتەکە خراپتر دەکات. لەبەر ئەوە هەرچی زووتر پەیوەندی کردن بەخزمەتگوزاریەکانی شارەوانیەوە پێویست ناکات بیخەیتە دواوە. هەروەها دەکرێت لە ریکخراوەکانی خودی کۆچبەرانیشەوە وە لە رێکخراوی ترەوە کە لەشوێنی ژیاندا کار دەکەن داوای پشتیوانی بکرێت.

## ناکۆکی لە پەیوەندی مرۆڤایەتی و ژیانی خێزانیدا

ڕاوێژگاکانی خێزان بۆ کێشەکانی پەیوەندی مرۆڤایەتی، ژیانی خێزانی و پەروەردەی منداڵ یارمەتی دەدەن. خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی لەپەیوەند بەرێکەوتنی کاروباری خێزاندا بەخۆڕایی و جێگای متمانەیە.

لەوانەیە ڕاهاتن لە وڵات و کەلتووری تازەدا لەباری دەروونیەوە ئەزمونێکی قورس بێت . هەروەها کێشەکانی وڵاتی خۆ کەبەسەرتدا هاتوون و چارەنووسی دایك وباوك، خوشك وبرا و کەسوکاری تر کە لەوێ ماونەتەوە لەوانەیە تووشی نیگەرانی، خەفەت و خەمۆکێت بکات، لەو حاڵەتەدا پێویستە پەیوەندی بە خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی دەروونی شارەوانی خۆوەوە بکەیت.، ئەوانە لەپەیوەند بەکێشەکانی تەندروستی دەروونیەوە چارەسەری و ڕاوێژ دەدەن.

مەڵبەندی قەیرانی دەروونی (SOS) خزمەتگوزاری بە کۆچبەرانی دانیشتووی فنلاندا و خێزانەکانیشیان دەدات. ئەم مەڵبەندە کە لە هلسینکیدایە یارمەتی دروونی لە کاتی قەیراندا پێشکەش دەکات. هەروەها کۆمەڵەی تەندروستی دەروونی باشووری ڕۆژئاوای فنلاندا کە لە شاری تورکودایە یارمەتی قەیران بەکۆچبەران پێشکەش دەکات.

یارمەتی و چارەسەری لە بنکەی چارەسەری ئەشکەنجەکراوان پێشکەشی ئەو پەنابەرانە و کەسوکاریان دەکرێت کە قوربانی ئەشکەنجەبوون. بنکەکە دەکەوێتە شاری هلسینکیەوە. کەسانێك وەك داواکار چارەسەریان بۆ دەکرێت کە لەلایەن بنکەی تەندروستی شارەوانی خۆیەوە یان لەلایەن دوکتۆری کەرتی تایبەتی نامەیان لە بارەیەوە بۆ چارەسەرکردنی ناردبێ. هەروەها لە شاری ئۆوولوشدا یەکەیەك کاردەکات، کە خزمەتگوزاری چارەسەرکردنی قوربانیانی ئەشکەنجە پێشکەش دەکات.

## دەست تێوەردان لەکێشەکانی منداڵان و لاوان

لاوان ومنداڵان بەخێرایی لەگەڵ کەلتووری تازەدا خۆیان ڕادەهێنن. ئەوان نەریتی تازە لە هاوڕەڵەکانیانەوە و لە فیرگەوە فێردەبن، کە لەوانەیە تێگەیشتنیان بۆ دایك وباوکەکان زەحمەت بێت. لەبەك دانەوەی کەلتووری ناو خێزان لەگەڵ ئەو نەریتە تازانەی منداڵ فێری بووە لەوانەیە ناکۆکی لەناو خێزاندا پێك بهێنێت.

لە دەرەوەی ماڵەوە یان لەفیرگەدا منداڵان ولاوان لەوانەیە ڕووبەڕووی ناڕەحەت و ئەزیەتکردن ببنەوە. هەروەها لەوانەیە لە هاتوچۆ وخوێندن لە فیرگەشدا کیشەیان هەبێ.

پێویستە بۆ کێشەی تەنانەت بچوکیش لەکاتی خۆیدا چارەسەری بکەیت. سەرەتا پێویستە پەیوەندی بە مامۆستای فێرگەوە یان کارمەندانی باخچەی منداڵانەوە بکرێ. لەوانەیە ئەگەر دەستی تێوەرنەدرێت کێشەکە چەندین بەرابەر بێتەوە.

دەتوانرێت بۆ کێشەکانی منداڵان ولاوان لە ڕاوێژگای منداڵان و فەرمانگەی تەندروستی دەروونی شوێنی ژیانی خۆ داوای یارمەتی بکرێت.

## لێدان لە هاوسەر ومنداڵ بە پۆلیس ڕادەگەیەندرێ

لێدان لە هاوسەر و منداڵ زەبروزەنگی ناو خێزانە. زەبروزەنگی ناو خێزان لەخۆیەوە کۆتایی پێ نایەت، بەڵکوو زۆر جار خراپتر دەبێت. کردەوەی

زەبروزەنگاوی ناكری بۆ نموونە بەناوی نەریت و كەلتوورەوە پاساو بكرێت. زەبروزەنگی ناو خێزان لە فنلاندا بە گوێرەی یاسا تاوانە.

پێویستە كەسی قوربانی زەبروزەنگی خێزان لەلای پۆلیس سكاڵا بكات و بچێتە لای دوكتۆریش تا پشكنینی بۆ بكرێت.

سروشتی زەبروزەنگێك كە بەرامبەر هاوسەر یان منداڵان بەكاردەهێنرێ لەوانەیەجەستەیی بێت، دەروونی بێت، ئابووری بێت یان سێكسی بێت. تەنبێی جەستەیی منداڵ لەفنلاندا بەگوێرەی یاسا قەدەغەیە.

لەشارە گەورەكاندا خانەی ئاسایش هەیە یارمەتی بە قوربانیانی زەبروزەنگ پێشكەش دەكەن، كە لە شوێنەكانی تریشەوە دەكرێ پەنایان بۆ بهێنرێ.

هەروەها قوربانیەكە دەتوانێت یارمەتی لە فەرمانگەی سۆشیالی شارەوانیەكەی خۆیەوە، لە بنكەی تەندروستیەوە، لە فەرمانگەی تەندروستی دەروونیەوە و لە ڕاوێژگای خێزانەوە یارمەتی بەدەست بهێنێت. هەروەها قوربانیەكە دەتوانێ لە ڕاوێژگای دایكانە و منداڵاندا باسی زەبروزەنگی خێزان بكات. كاربەدەستان ئەركی سەرشانیانە یارمەتی بدەن.

ئەنجامدەری زەبروزەنگێش پێویستی بە یارمەتیە. كاربەدەستانی شوێنی ژیان و پیشەوەرانی تایبەت بەیارمەتی دانی كەسی زەبروزەنگاوی یارمەتی ئەوانە دەدەن كە دەیانەوێ دەست لە كردەوەی زەبروزەنگاوی هەڵبگرن.

## خانەی ئاسایش بۆ قوربانیانی زەبروزەنگی ناو خێزان

هەموو كەسێك، كە دەبێتە قوربانی زەبروزەنگی ناو خێزان دەتوانێ پەنا بۆ خانەی ئاسایش بهێنێت. لەكاتی قەیران و وەزعیەتی ناخۆشی لە ناكاودا قوربانیەكە دەتوانێ ڕاستەخۆ بەبێ ئاگاداركردنەوەی لەوەپێشەوە بۆ خانەی ئاسایش بچێ. هەروەها دەتوانرێ لەڕێگەی تەلەفونەوە یان لە ڕێگەی فەرمانگەی سۆشیالەوە پەیوەندی بە خانەی ئاسایشەوە بكرێ.

دایك یان باوك ومنداڵەكان دەتوانن بەشێوەی كاتی لەخانەی ئاسایشدا بژین، ئەگەر مانەوە لە ماڵەوە بەهۆی زەبروزەنگ، هەڕەشە وەیان ترسەوە نەكرێ یان جێگای مەترسی بێ.

كەسەكە دەتوانێ لەگەڵ كارگێڕانی خانەی ئاسایشدا قسەوباس بكات وبیر لە ڕێگا چارە بۆ كێشەكە بكەنەوە وچۆنیەتی كۆتایی هێنان بەخولی دووبارە بوونەوەی زەبروزەنگ. ڕێگا چارە كەسی داواكار خۆی بەئەنجامی دەگەیەنێت. خانەكانی ئاسایش و ژمارە تەلەفونەكانی شەوانەڕۆژین. لە شارەوانیەكانیشدا خانووی قەیران و ئاسایش هەیە.

## ئیغیتساب قەدەغەیە تەنانەت لەنێوان ژن ومێردیشدا

بەگوێرەی یاسای فنلاندا ئیغتیساب تاوانە. هەروەها ئیغیتساب كردنی هاوسەری خۆ تاوانە. پێویستە كەسی قوربانی ئیغتیساب پەیوەندی بە پۆلیسەوە بكات و دەست بەجێ دوای ڕوودانی تاوانەكە سەردانی دوكتۆر بكات.

ئیغیتساب كردن هۆكەی قوربانیەكە نیە و پێویستیش ناكات قوربانیەكە هەست بەشەرم بكات. كەسی قوربانی ئیغیتساب دەتوانێ لە كاربەدەستانی شوێنی نیشتەجێی خۆی بۆ كێشەكانی كە بەهۆی ئیغتیسابەكەوە تووشی بووە داوای یارمەتی بكات.

لەهلسینكیدا بنكەی قەیرانی ئیغتیساب "توكینائین" هەیە كە لەسەر ئاستی وڵاتدا خزمەتگوزاری پیشكەش دەكات.

## پێویست ناكات هۆیەكانی جیابوونەوە بۆ كاربەدەستان باس بكریت

هاوسەرگیری گرێبەستێكی دڵخوازانەی نێوان هاوسەرەكانە.وەدشكرێ هەڵبوەشێنرێتەوە. ئەگەر ژیانی هاوبەش پرگیروگرفت بوو، پێویستە بیر لەجیابوونەوە بكرێتەوە. لەفنلاندا دەتوانرێ بڕیاری جیابوونەوە بدرێ سەرەڕای ئەوەی هاوسەری دووهەم پێی ڕازی نەبێ. هۆیەكانی جیابوونەوە پەیوەندی نێوان هاوسەرەكان پێویست ناكات بۆ كاربەدەستان باس بكرێن. كاتێك سەبارەت بەمنداڵەكانیان بڕیار دەدرێت ژن وپیاو بەشێوەی یەكسان مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت.

لە دوو هاوسەرەكە هەر یەكەیان دەتوانێ بەتەنیا داوای جیابوونەوە بكات، ئەویش لەڕێگەی بەرزكردنەوەی داوایە بۆ دادگای باری كەسێتی شوێنی ژیانیان. یارمەتی دەری یاسایی گشتی فەرمانگەی یارمەتی یاسایی میری بۆ نووسینی داواكە و هەر بابەتێكی یاسایی لە پەیوەند بەجیابوونەوە یارمەتی دەدات.

هاوكات لەگەڵ جیابوونەوەدا بڕیاریش سەبارەت بە دابەشكردنی خانوو ودارایی تر دەدرێت. ئەگەر خێزانەكە منداڵدار بێت دەبێت هاوكات لەگەڵ جیابوونەوەكەدا بڕیاری سەرپەرشتی منداڵەكانیش بدرێت.

## سەرپەرشتی منداڵ دوای جیابوونەوە

ئەركی سەرپەرشتكاری منداڵ ئاگاداری لەریفاهی منداڵەكە، پەروەردە و گەشەكردنی بەشێوەیەكی هاوسەنگی منداڵەكە بێ. سەرپەرشتكاربوونی كەسێك بەو مانایەیە كە مافی سەرپەرشتی منداڵی هەیە و بڕیار لەسەر كاروبارەكانی دەدات.

وە لە کاتی پێویستیشدا سەرپەرشتکار لە دادگا و لەلای کاربەدەستان نوێنەرایەتی منداڵەکە دەکات. تەنیا سەرپەرشتکار دەتوانێ منداڵەکە لە پاسپۆرتەکەیخۆیدا تۆمار بکات.

لە کاتی جیابوونەوەدا بەشێوەی ئۆتوماتیك یەکێك لە دایك وباوکە وەك سەرپەرشتکار دیاری ناکرێت. دایك وباوکی منداڵەکە لە بریاردانی سەرپەرشتکاریدا جێگا و رێگای یەکسانیان هەیە. دایك وباوکەکە دەشتوانن گرێبەستی سەرپەرشتکاری هاوبەش لە نیوان خۆیاندا ببەستن.

ئەگەر بکرێت، دایك وباوکەکە لە نێوان خۆیاندا لەکاتی جیابوونەوەدا لەسەر چارەسەرکردنی سەرپەرشتکاری منداڵ و شوێنی ژیانی رێك دەکەون. ئەم رێکەوتنە لەلای کاربەدەستانی کاروباری کۆمەلایەتی شارەوانی پەسەندی دەکەن.

بەڵام ئەگەر دایك وباوکەکە نەیانتوانی رێکەوتن لەنیوان خۆیاندا ببەستن، ئەوا کیشەکانی سەرپەرشتی منداڵ لەکۆتاییدا لەدادگا چارەسەر دەکرێت. بەرژەوەندی منداڵەکە و راپۆرتی کاربەدەستانی سۆشیاڵ سەبارەت بە وەزعی دایك وباوکەکە کاریگەری لەسەر بریاری دادگا دادەنێ.

جیابوونەوەی دایك وباوك بۆ منداڵەکەش قورسە، وئەو مافی هەیە کە دوای جیابوونەوەی دایك وباوکی لە باوەشی گەرمی هەردووکیانەوە بەهرەمەند بێت.

بۆ سەرپەرشتی هاوبەش پێویست بەوە دەکات کە دایك وباوکەکە توانای هاوکاریان پیکەوە هەبێت، سەرەڕای ئەوەی لە نیوانیاندا کیشە وناکۆکی هەیە. کاتێك مەرجەکانی سەرپەرشتی هاوبەش لە نیوانیاندا نەمێنێت، ئەوا دەکرێت ریکەوتنەکە پوچەڵ بکرێتەوە و یەکێکیان وەك سەرپەرشتکاری تەنیا دابنرێ.

## مافی بینینی منداڵ و ئەرکی نەفەقەدان

منداڵ مافی هەیە پەیوەندی نزیك و ئاسایشی چ بە دایکیەوە وەیان بە باوکیەوە بمێنێتەوە. دایك و باوکەکە دەبێ پێکەوە ئاگایان لەوەبێت کە منداڵەکە بەرێژەی کافی ئەوی تریان کە لەلای ناژی ببینێ. منداڵ مافی خۆیەتی دایکی یان باوکی کە لەلای ناژی ببینێ و هاوسەری پێشوو بۆی نیە ئەم مافە لە منداڵەکە زەوت بکات.

دایك وباوکی منداڵەکە هەردووکیان ئەرکی سەرشانیانە ژیانی منداڵەکە دابین بکەن. ئەگەر دایك وباوکەکە پێکەوە نەژین، ئەوا منداڵەکە مافی ئەوەی هەیە کە یارمەتی نەفەقە لەو یەکەیان وەربگرێ کە لەگەڵی ناژی.

بری پارەی نەفەقەیان لەلای چاودێری منداڵ لە شارەوانیدا لەرێگەی گرێبەستەوە یان بە بریاری دادگا دیاری دەکرێت. ئەگەر ئەو کەسەی ئەرکی دانی نەفەقەکەی لەسەر شانە نەتوانێ بری یارمەتی نەفەقەی دیاریکراو بدات، ئەوا منداڵەکە مافی هەیە لە شوێنی نیشتەجێ بوونەکەی یارمەتی نەفەقە وەربگرێت. زانیاری زیاتر سەبارەت بە جێگاورێگای منداڵ لەدوای جیابوونەوەی دایك وباوکی لە چاودێرانی منداڵ و فەرمانگەی کاروباری کۆمەلایەتی شارەوانیەوە بەدەست دێت.

## دابەشکردنی دارایی لەکاتی جیابوونەوەدا

لە دوای جیابوونەوەدا بۆ دابەشکردنی داراییەکان پەیوەندی بەوەوە هەیە بەگوێرەی یاسای چ وڵاتێك کارەکە بەرێوە دەبرێت.

ئەگەر یاسای فنلاندی دوای جیابوونەوە بەرێوە ببرێت، ئەوا هەموو داراییەکانی هەردوو هاوسەرەکە بەیەکسانی لە نێوانیاندا دابەش دەکرێت.

دوو هاوسەرەکە دەشتوانن بۆخۆیان لەسەر دابەشکردنی داراییەکانیان پێکەوە بەپێی رێکەوتن راوێژی لەسەر بکەن. بەڵام ئەگەر لەدابەش کردنی داراییەکاندا نەگەنە ئەنجام، ئەوا دادگا پارێزەرێك دیاری دەکات کە ئەم کارە یەکالا بکاتەوە.

گرێبەستی مەرجی هاوسەرگیری دەتوانێ بەو شێوەیەی تیادا دایاریکراوە داراییەکان دابەش بکات نەك بەیەکسانی. دوو هاوسەرەکە دەتوانن پێش هاوسەرگیریەکەیان وەیان یان لەدوای ئەوە گرێبەستی مەرجی هاوسەرگیری بنووسن.

لە گرێبەستی مەرجی هاوسەرگیریدا دەتوانری لەسەر ئەوە رێکبکەون، کە هەر یەکەیان لە دوای جیابوونەوەدا ئەو بەشە لە دارایی بەربکەوێ کە لە گرێبەستەکەدا هاتوە. گرێبەستی مەرجی هاوسەرگەری دەتوانێ کاریگەری لەسەر دابەشکردنی داراییەکان لە کاتی مردنی یەکێك لەو دوو هاوسەرەش دابنێ.

دەبێ ئەم گرێبەستە بە نووسین هەبێ. بۆ نووسینی پێویستی داوای یارمەتی لە فەرمانگەی یارمەتیدانی یاسایی میریەوەی یان لە پارێزەرەوە بکرێ. دەبێ گرێبەستی مەرجی هاوسەرگێری لەدادگای باری کەسێتی شوێنی ژیانی هاوسەرەکان تۆمار بکرێت.

## به زۆری شێوەجۆراوجۆرەکانی زەبروزەنگ پێکەوەدیاری دەدەن

- زەبروزەنگی جەستەیی بۆ نموونە لێدانە، پاڵپێوەنانە، شەق تێهەڵدانە و قورگ گرتنە.
- زەبروزەنگی دەروونی بۆ نموونە پارەڵێکێشانەوەیە، هەڕەشەیە، تاوانبارکردنە، سووکایەتی پێکردنە، ملکەچ پێکردنە، ترساندن و سنووردانە بۆ هاتوچۆ و برادەرایەتی و پەیوەندی خێزانیە.
- زەبروزەنگی ئابووری بۆ نموونە ئەوەیە کە هاوسەرەکە لێی قەدەغە بکرێ بچێتە دەرەوە کار بکات یان نەهێڵێ هیچ کاتێك پارەی پێ بێ.
- زەبروزەنگی سێکسی بۆ نموونە دەست تێکوتانە وەیان دەست بۆ بردنە بەبێ ڕەزامەندی کەسەکە وە بەزۆر سێکس کردن لەگەڵی وەیان ئیغتیساب کردنی.

## کاریگەری جیابوونەوە لەسەر مۆڵەتی نشینگەیی

١. جیابوونەوەی ژن ومێرد وەیان ئەوانەی پەیوەندی پێکەوە ژیانیان هەیە هیچ کاریگەری لەسەر مۆلەتی نشینگەیی هەمیشەیی دانانێ.
٢. بۆ نوێ کردنەوەیان پووچەڵکردنەوەی مۆڵەتی نشینگەیی کاتی بەگوێرەی حاڵەتەکە سەیر دەکرێت.
٣. کاربەدەستان لەسەر داوای هاوسەری پێشو مۆلەتی نشینگەیی هیچ کۆچبەرێك پوچەڵ ناکەنەوە یان بریاری نەگێتیڤ بە داوای تازە نادەن.
٤. ئەگەر پەیوەندی هاوسەرگیریەکە بەدەر لە ویستی کۆچبەرەکە کۆتایی پێهاتبێت، بۆ نموونە بەهۆی کردەوەی زەبرۆزەنگی هاوسەرەکەیەوە، ئەوا دەکرێت بەگوێرەی لێکۆڵینەوە لە حاڵەتەکەی مۆڵەتی نشینگەیی پێ بدرێت. بۆ نموونە ئەگەر زووتر سکاڵانامە لەلای پۆلیس نووسرابێت یان بەڵگەی دوکتورێك کە لە پەیوەند بەکێشەکانی خێزان و هۆیەکانی جیابوونەوەبێت.
٥. کاربەدەستان دەتوانن مۆڵەتی نشینگەیی بۆ کەسێکی بیانی جیابووە بدەن کە بەگوێری پەیوەندی هاوسەرێتی مۆڵەتی نشینگەیی کاتی هەبوو بێت، ئەگەر لەفنلاندا ڕەگ وڕیشەی جێگیری هەبێت. لەوانە ئەگەر کۆچبەرەکە بۆ نموونە دوو گیان بێت یان لە فنلاندا منداڵی هەبێت، کار یان خوێندنی هەبێت ئەوا دەتوانرێ سەرەڕای جیابوونەوە مۆڵەتی نشینگەیی پێ بدرێت.

### جیابوونەوە لەدادگای باری کەسێتیەوە داوا دەکرێت

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕێگای ١ | دوو هاوسەرەکەپێکەوەیان یەکێکیان بەتەنیا داوای جیابوونەوە لە دادگای باری کەسێتی دەکات | لەم حاڵەتەدا هاوسەرەکان دەبێ ماوەی شەش مانگ چاوەڕوان بکەن واتە**ماوەی بیرکردنەوە** | جیابوونەوەکە دەکرێت پەسەند بکرێت، ئەگەر دوای شەش مانگ دوو هاوسەرەکە پێکەوە یان یەکێکیان لەڕێگای داوانامەیەکی تازەوە بۆ دادگا داوای جیابوونەوە بکەن |
| ڕێگای ٢ | دوو هاوسەرەکە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابوردوو بەجیا ژیاون | لەم حاڵەتەدا دوو هاوسەرە پێکەوە یان یەکێکیان بەتەنیا داوای جیابوونەوە لە دادگای باری کەسێتی دەکات | حوکمی جیابوونەوەکە دەکرێت دەستبەجێ بدرێ |

### پاراستن لەرێگەی بڕیاری قەدەغەی نزیك بوونەوە

مەبەست لەقەدەغەی نزیك بوونەوە ئەوەیەکە بۆ پاراستنی گیان، تەندروستی، ئازادی یان ئارامی کەسێك کاربەدەستان دەتوانن لە کەسێکی تر قەدەغە بکەن لێی نزیک ببێتەوە یان پەیوەندی پێوە بگرێت. کاربەدەستان بڕیاری قەدەغەی نزیك بوونەوە دەدەن بەگوێرەی داوایەك کە قوربانیەکە بەرزی دەکاتەوە. کردەوەی زەبروزەنگاوی مەرجی دەرکردنی بڕیاری قەدەغەی نزیك بوونەوە نیە.

کەسێك دەتوانێ داوای قەدەغەی نزیك بوونەوە بکات بۆ نموونە کاتێك خزمێکی، هاوسەری پێشووی یان کەسەکەی پێشووتر لەگەڵی ژیاوە هەڵسوکوتی هەڕەشەئامیزانە بنوێنێ. هەروەها دەتوانرێ داوای قەدەغەی نزیك بوونەوە بکرێت دژی کەسێك کە پێکەوە لەگەڵ داواکاردا دەژی، ئەو کاتە دەبێ کەسەکەی قەدەغەی نزیك بوونەوەی بۆ دەرکراوە لە ماڵەکە بچێتە دەرەوە.

### خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی دەروونی شارەوانی یارمەتی گرفتی خەمۆکی دەدەن

نیشانەکانی خەمۆکی بەشێوەی جۆراوجۆر خۆی نیشان دەدات. نیشانەکانی بۆ نموونە دەکرێت هیلاکی، بێ خەوی، حەساس بوون، بێ توانایی لەمامەڵەکردن بەکاروبارەوە یان دەست پێکردنی. وەك نیشانە لەوانەیشە بەشێوەی نارەحەتي جەستەیی دەربکەوێ، بۆ نموونە ئازار و نارەحەتی کەهیچ نەخۆشیەکی جەستەیی ناتوانێ وەڵام دەرەوەی بێت. خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی دەروونی شارەوانی یارمەتی گرفتی خەمۆکی دەدەن.

### دوای کردەوەی لێدان یان ئیغتیساب کردن دەبێ چی بکرێ

- تا بۆت دەکرێ ناوی شایەتەکان و زانیاریەکانی پەیوەندی گرتن لەلای خۆت بنووسە
- لەسەر تاوانەکە سکاڵانامە لەلای پۆلیس بنووسە
- بچۆ بۆلای دوکتۆر وداوای بەڵگەی لەسەر شوێنە زیان پێگەیشتوەکانتی لێ بکە
- ئەگەر ئیغتیساب کرای خۆت مەشۆ وجلوبەرگەکەشت نەگۆڕی

---

### لەکاتی جیابوونەوەدا لەسەر بابەتەکانی منداڵ ڕێکەوتن دەکرێت

**ڕێگای ١**

**سەرپەرشتی هاوبەش**

دایك وباوکەکەداوی جیابوونەوەیان لەسەرپەرشتی هاوبەشدا پێکەوە منداڵەکە پەروەردە دەکەن و لەسەر کاروبارەکانی ڕێك دەکەون و هاوکاری دەکەن. بەکردەوە ئەوەیان کە منداڵەکەی لەلادەژی بڕیار لەسەر زۆر شتی منداڵەکە دەدات. بەڵام ڕەزامەندی ئەوی تریان پێویستە بۆ نموونە سەبارەت بەو بڕیارانەی کە لە پەیوەند بەم بابەتانەی خوارەوەیە:

- گۆڕینی شوینی ژیانی مندالەکە(بەتایبەتی بۆ دەرەوەی فنلاندا)
- دەرکردنی پاسپۆرتی فنلاندی
- کاروباری خزمەتگوزاری تەندروستی
- گۆڕینی ناو و ئایین
- خوێندن
- بەکارهێنانی پارەی منداڵەکە

**ڕێگای ٢**

**سەرپەرشتی یەك لایەنە**

سەرپەرشتکاری منداڵەکە واتە یەکیك لەدایك وباوکەکە بە تەنیا سەرپەرشتی منداڵەکە دەکات وبەتەنیا بڕیار لەسەر کاروبارەکانی دەدات

# خوێندن و ژیانی کاری

**زانینی زمانی فنلاندی و سویدی و خوێندن تەواوکردن و بڕوانامە بەدەست هێنان دەرفەتەکان لەبەردەم بەدەستهێنانی کاردا دەکاتەوە. خوێندنی بنەڕەتی لەفنلاندا بۆ هەموو کەس بەخۆڕاییە. هەروەها خوێندنی پیشەیی و ئامادەیی گشتی دوای خوێندنی بنەڕەتی بەپلەی سەرەکی بەخۆڕاییە، بەڵام کتێبەکانی وانەکان دەبێ بۆ خۆت بیکڕی ولەوانەیە خواردنیش بەپارە بێت. ژنان و پیاوان دەرفەتی خوێندنی یەکسانیان لەبەردەمدا هەیە.**

## خوێندن بۆ کۆچبەران

لە زۆربەی شارەوانیەکاندا خوێندنی جێگیربوون بۆ کۆچبەران ڕێکدەخرێت. لەو خوێندنەدا زمانی فنلاندی یان سویدی دەخوێنرێ، زانیاری ئاشنا بوون بەکۆمەڵگایە، ڕێیمایی و ڕاوێژ بۆ خوێندن و کارکردن دەدرێت، هەروەها لە نزیکەوە بەژیانی کارکردن لەفنلاندا ئاشنا دەکرێن.

شان بەشانی خوێندنی جێگیر بوون، ژمارەیەکی زۆر لەخوێندنگاکان کۆرسی زمانی فنلاندی یان سویدی کە بۆ کۆچبەران لەبەرچاوگیراوە ڕێکدەخەن. فێربوونی زمان و ئاشنا بوون لەگەڵ خەڵکدا بۆ نموونە لە سەرگەرمیەکان و کاری ڕێکخراوەییدا ڕاهاتن لە کۆمەڵگادا ئاسان دەکاتەوە.

لەکاتی داڕشتنی نەخشەی خوێندندا پشت دەبەسترێت بەو خوێندنانە و ئەزموونی کارانەی کە کۆچبەرەکە لە دەرەوەی وڵاتدا تەواوی کردوون. زانیاری زیاتر سەبارەت بە درێژەدان بەخوێندن لە فنلاندا و دانپیانانی ئەو بڕوانامەی خوێندنانەی کە کەسەکە لە ولاتی خۆیدا بەدەستی هێناون لە بەڕیوەبەرایەتی پەروەردە و فێربوون و خوێندنگاکانەوە بەدەست دێت.

## ئەلتەرناتیڤەکانی خوێندن بۆ گەورەساڵان

پیاوان و ژنانێك کە بە گەورەساڵی لە دەرەوەی وڵاتەوە بۆ فنلاندا کۆچدەکەن دەتوانن ئەگەر پێویست بکات خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی بخوێنن. لەم حاڵەتەدا خویندنەکە لە ئامادەیی گەورەساڵاندا یان لەپەیمانگای نەتەوەییدا شان بەشانی کارکردن ئەنجام دەدرێت.

کۆچبەر دەتوانێت لە مەڵبەندی خوێندنی گەورەساڵانی خوێندنگای پیشەییدا بۆ خۆی پیشەیەك بخوێنێ یان خوێندنەکانی پێشووی چرووپڕ بکاتەوە.

دەکرێت پیشەلەڕێگەی خوێندنی وابەستە بە کاریشەوە فێرببیت. لە خوێندنەکەدا کاری ئاسایی و بەشەکانی فێربوون تێکهەڵکێش کراون. هەروەها مووچە لەبەرامبەر کارکردنەکەدا دەدریت.

بۆ بێکارانێك کەبەشوێن کاردا دەگەڕێن، خولی خوێندنی هێزی کاری جۆراوجۆریان بۆ ڕێکدەخرێت کە ماوەکانیان لەگەڵ یەکتردا جیاوازی هەیە، کەلەڕێگای فەرامانگەکانی کارەوە داوایان دەکریت.

بەگشتی لەفنلاندا ژنان وپیاوان لەهەمان شوێنی کاردا پێکەوە کاردەکەن، هەروەها ژنان و پیاوان ئەرك وکارەکانین وەك یەکە. ماف وئەرکەکانیان و دەرفەتەکانیان بەشیوەی یەکسان لەبەرچاو دەگیرێ. یاسای فنلاندا هەڵاواردن لەشوێنی کاردا بۆ نموونە بەگوێرەی ژن یان پیاو بوون، ڕەنگی پێست یان ئایین قەدەغەیە.

## فەرمانگەی کاروبژێوی یارمەتی بۆ دۆزینەوەی شوێنی کار دەدات

فەرمانگەی کاروبژێوەی لەدۆزینەوەی شوێنی کاردا یارمەتی دەدات. پێویستەیەکسەر دوای هاتنت بۆ فنلاندا خۆت بەفەرمانگەکە بناسێنیت. بیمەی بێکاری نادرێ ئەگەر کەسەکە سەردانی فەرمانگەی کاروبژێوی شوێنی نیشتەجێی خۆی نەکردبێ. جیاواز لە شوێنی کار لەوێوە زانیاری

سەبارەت بە دەرفەتەکانی مەشقی کارکردن و خوێندن بەدەست دێت. باشترین ڕێگا بۆ بەدەستهێنانی کار ئەوەیە کە کەسەکە خۆی دەستپێشخەر بێت و بۆ خۆی پەیوەندی بە خاوەنکارەوە بکات.

## چالاکی لەکاتی کاتی ئازادا گرنگە

سەرگەرمی ڕێگایەکی ئاسانە بۆ ئاشنا بوون لەگەڵ فنلاندیەکاندا و بۆ فێربوونی زمان. لە فنلاندا دەرفەتی زۆر هەیە بۆ ئەنجامی سەرگەرمی و بەشداری کردن بۆ نموونە لە کاروباری دڵخوازانە وەیان لەچالاکی ڕێکخراوەییدا.

کۆچبەران دەتوانن لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی خۆیان و بنکەی فرەفەرهەنگی ترەوە پارێزگاری لە کەلتووری خۆیان بکەن و خەلکی نوێ ببینن. کاری دڵخوازانە و ڕێکخراوەیی دەرفەتی پارێزگاری و گەشەپێدانی زانیاریەکان وتواناییەکانی کەسەکە دەدات. کە ئەوە دواتر لەوانەیە لەسەر کاربەدەستهێنان کاریگەری بەرچاوی هەبێ. زانیاری زیاتر سەبارەت بەدەرفەتەکانی سەرگەرمی لەشوێنی ژیانتدا بۆ نموونە لە فەرمانگەی کەلتوور و کاتی ئازادەوە، لە ڕێکخراوە و کۆمەڵەکانەوە و هەروەها لە ئاگاداریەکانی ڕۆژنامە ناوچەییەکانەوە بەدەست دیت.

## بۆ کێشەی ئابووری یارمەتی بەدەست دیت

بەگشتی ژنان وپیاوان لەفنلاندا لە ڕێگەی کارکردنەوە خۆیان و خێزانەکانیان دەژێنن. کۆمەڵگای فنلاندی ژیانی بێکاران، بەسالاچوان، کەمئەندامان و نەخۆشەکان دابین دەکات. بۆ ئەم مەبەستە میری باجی بەدەست هاتوو بەکاردەهێنێ.

بیمەی کۆمەڵایەتی لەسەر بناغەی جێنشینی لە فنلاندا دانراوە. بێجگە لە هەندێ حاڵەت نەبێ، هەموو کەسێك کە مافی جێنشینی هەمیشەییان لە فنلاندا هەیە، مافی کەڵك وەرگرتنیان لە ئیمتیازەکانی کێڵا واتە بنکەی خانەنشینی و نەتەوایەتی هەیە.

یارمەتی بژێوی کۆتایی وێستاگایەکە بۆ وەرگرتنی یارمەتی ئابووری. هەر کەسێك نەتوانێ لەرێگای کارکردنەوەیان لەهەر سەرچاوەیەکی ترەوە داهاتی کافی وەربگرێت، ئەوا مافی وەرگرتنی یارمەتی بژێوی هەیە. ڕێژی یارمەتی بژێوی بەگوێرەی داهات و دارایی داواکار دیاری دەکرێت. ئەم یارمەتیە فەرمانگەی کاروباری کۆمەڵایەتی دەیدات.

## هەڵاواردن و لەسەرکار دەرکردن بەهۆی دووگیانی و پشووی خێزانیەوە قەدەغەیە

بەگوێرەی یاسای فنلاندا، خاوەنکار بۆی نیە لە کاتی هەڵبژاردنی کەسەکاندا بۆ سەر کار هەلاواردن بەهۆی دووگیانی و پشووی خێزانیەوە بەکار بهێنێت. پشووەکانی خێزانی بریتین لە پشووی دایکانە، باوکانەو دایك وباوك و پشووی سەرپەرشتی منداڵ. هەروەها خاوەنکار بۆی نیە بەم هۆیانەوە کەسەکە لەسەر کار دەربکات وەیان ماوەی کارەکەی سنووردار بکات. دوای بەسەربردنی پشووەکانی خێزانی کرێکارەکە مافی ئەوەی هەیە بۆسەر کارەکەی پێشووی خۆی بگەڕێتەوە.

## فەرمانگەی پارێزگاری کار چاودێری هەڵومەرجی کار دەکات

لەفنلاندا ئەرکی هەر هەشت فەرمانگەکانی پارێزگاری لەکار چاودێری و بەدیهێنانی مەرجەکانی کارێکی ئاسایش و تەندروستیە بۆ هەلومەرجێکێ کاریی کە بتوانرێ بەرەوپێش ببرێ.

## یارمەتی ئابووری بۆ خوێندنی تەواو وەخت

خوێندکارانێك کە مەبەستیانە پیشە بخوێنن دەتوانن داوای یارمەتی خوێندن و یارمەتی کرێخانوو بکەن، ئەم یارمەتیانە دەرفەتی ئەوە دەدەن لەسەر خوێندنی تەواو وەخت کەسەکە جەخت بکات. کەسانی بیانی، پەنابەران و ئەندامانی خێزانەکانیان و فنلاندیە گەڕاوەکان بۆ فنلاندا کە مافی جێنشینی هەمیشەییان هەیە دەتوانن داوای یارمەتی خوێندن بکەن. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەیارمەتی خوێندن و یارمەتی کرێخانوو لە بنکەکانی خانەنشینی ونەتەوایەتیەوە(کێلا) بەدەست دێت. خوێندکار دەتوانێ قەرزی خوێندنیش وەربگرێت.

## گرێبەستی کاریی نووسراو و پەیوەس بوون بەیەکێتی کارێکاریەوە

گرێبەستی کاریی لەنێوان کرێکار وخاوەنکاردا پێش دەستکردن بەکار دەنووسرێ. لەو گرێبەستەدا جیاواز لەدیاری کردنی مووچە هەروەها کاتەکانی کارکردنیش دەنووسرێ. کرێکار دەتوانێ ئازادانەبەیەکێتی کرێکاری بەشەکەی خۆیەوە پەیوەس بێت، کەخزمەتگوزاری ڕاوێژ سەبارەت بەمووچە، کاتەکانی کارکردن و بابەتی تر کە پەیوەندی بە مەرجەکانی کارکردنەوەیە بە ئەندامەکانی خۆی پێشکەش دەکات. بە ئاسانی دەتوانرێ لە ڕێگەی هاوکارانی خۆوە یەکێتی کرێکاری تایبەتی بەبەشەکەی خۆ بەئاسانی ببینرێتەوە. پەیوەس بوون بەیەکێتی کرێکاریەوە لە فنلاندا شتێکی گشتیە.

داهاتی ژنان وەیان پیاوان لەمووچەی کارێکەوە کە بۆ خۆیان ئەنجامی دەدەن وەك داراییەکی کەسەکە خۆیەتی. بەگشتی خاوەنکار مووچە دەخاتە سەر ئەو حیساب بانکەی کە وەك حیسابی کەسی کرێکارەکە پێی ڕاگەیەندراوە. کرێکارەکە دەتوانێ لەو بانکەی بۆ خۆی هەڵیبژاردوە حیساب بانك بکاتەوە، بۆ کردنەوەی حیساب بانك پێویست بەپاسپۆرت یان ناسنامەیەك دەکات کەماوەکانیان بەسەر نەچووبێت.

## باج لەمووچەدەردەکرێت

هەموو کرێکارێك کە لە فنلاندا دەژی بەمیری و بەشارەوانیەکەی شوێنی نیشتەجێی خۆی لە داهاتی بەدەست هاتووی خۆی باج دەدات. ئەوانەی داهاتیان زۆرترە باجی زۆرتر دەدەن تا ئەوانەی داهاتیان کەمترە. خاوەنکار بەگوێرەی کارتی باجی کرێکارەکە کاروباری دانی باجەکە بەڕیوە دەبات. کاتێك پەیوەندی کارەکە دەست پێدەکات، پێویستە کرێکارەکە کارتی باجی خۆی بە خاوەنکارەکەی بدات. کارتی باج لە فەرمانگەی باجی شوێنی ژیانی خۆوە بەدەست دێت.

## خاوەنکاردەبێ ملکەچی لانی کەمی مەرجەکانی کار لە گرێبەستی کاردا بێت

بەپێی یاسای فنلاندا، لانی کەمی مەرجەکانی کارکردن کە خاوەنکار دەگرێتەوە بریتین لە مووچە، مووچەی پشووە کۆوەبووەکانی کار و کاتی کارە.

- **نەخشەی جێگیربوون یارمەتی کاربەدەستهێنان دەدات و زەمانەتی داهاتی بژێوی دەکات**
کەسێك کە بۆ فنلاندا کۆچیکردەوە ئەگەر نەتوانێ کار وەیان خوێندن پەیدا بکات یان بەناچاری داوای یارمەتی بژێوی بکات، دەتوانرێ لەفەرمانگەی کاروبژێویدا یان لەفەرمانگەی کاروباری کۆمەڵایەتیدا نەخشەی جێگیربوونی بۆ دابنرێ. ئامانجی نەخشەکە یارمەتیدانی کۆچبەرانە بۆ کارپەیداکردن و جێگیربوون لە کۆمەڵگای فنلاندیدا. زۆر جار نەخشەکە بریتیە لە خوێندنی زمانی فنلاندی، خوێندنی تەواوکەری پیشەیی و مەشقی کارە. لەو ماوەیدا کە کۆچبەرەکە نەخشەی جێگیربوونەکە بەڕیوە دەبات داهاتەکەی لەرێگەی دانی بڕی یارمەتی جێگیربوون پێی، دابین دەکرێت.

- **مۆڵەتی کار پێویستە بۆ ئەوەی کاربکەیت**
کۆچبەران، بێجگە لە چەند حاڵەتێك نەبێ بەگشتی بۆ ئەوەی کار بکەن پێویستیان مۆڵەتی کار هەیە. بەڕیوەبەرایەتی کۆچبەری مۆڵەتی کار دەدات.

- **کارکردن پارەی خانەنشینی باشتر دەکات**
مووچەیەك کە بەهۆی کارکردنەوە کەسەکە وەریدەگرێت کاریگەری هەیە بۆ سەربەخۆ بوونی ئابووری خۆی و هەروەها بۆ کاتێکیش کە خانەنشین دەبێت. تەمەنی خانەنشین بوون لە فنلاندا ٦٥ ساڵیە. بەرز ونزمی مووچە کاریگەری لەسەر کەم وزۆری پارەی مانگانەی خانەنشینی دادەنێ.

- **هوشیاری لەکاتی ئیمزاکردنی گرێبەستدا**
پێش ئیمزاکردنی هەر گرێبەستێکی نووسراو پێویستە لە ناوەرۆکەکەی بەباشی تێگەیشتبێتیت. مەبەست لەمە گرێبەستی کارکردن وەیان هەر گرێبەستێکی ترە. گرێبەستی نووسراو کەسەکان وابەستە بەجێبەجێکردنی دەکات. ئەگەر ئاستی زانینی زمانت بەشی ئەوە نەکات لێی تێبگەیت، باشتر وایە کەڵك لە وەرگێر وەربگریت. لە فنلاندا بەگوێرەی یاسا دەتوانرێ بە بڕیاری دادگا ئەو گرێبەستانە هەڵبوەشێنرێتەوە کە مەرجی نابەجێیان تێدابێت.

- **یارمەتی لەکاروبارە یاساییەکاندا**
یارمەتی بۆ هەموو کاروبارە یاساییەکان لەلایەن فەرمانگەکانی یارمەتی یاسایی میریەوە، پارێزەرەکان و یاسا زاناکانەوە پێشکەش دەکرێت. ئەوانەی کەم داهاتن دەتوانن یاسایی لە فەرمانگەکانی یارمەتی یاسایی میریەوە بەخۆڕایی یارمەتی بەدەست بهێنن.

# بازرگانی بە مرۆڤەوە

**بازرگانی بە مرۆڤەوە لە فنلاندا تاوانە و یاسا سزای توندی لەسەر داناوە**

قوربانیەکانی بازرگانی بەمرۆڤەوە دەتوانێ ژنان بن، پیاوان وەیان منداڵان بن. لەکاتی بازرگانی کردن بەمرۆڤەوە هەوڵ دەدرێ کەڵکی خراپی سیکسی و/یان ئابووری لێ وەربگیرێ. زۆر جار لە پشتی ئەم کارەوە قەرزاریە کە قوربانیەکە هەوڵ دەدات لە رێگەی کارکردنەوە یان بەلەشفرۆشی قەرزەکە بداتەوە.

بازرگانەکان بەمرۆڤەوە هەوڵ دەدەن قوربانیەکە کۆنترۆڵ بکەن بۆ نموونە بە سنوور دانان لە بەردەم ئازادی هات وچۆیدا، بە هەرەشەکردن، بە گوشار بۆ هێنان وەیان بە بەکارهێنانی زەبروزەنگی دەروونی و/یان جەستەیی. هەرەشەکە لەوانەیە کەسوکاری قـوربانیـەکەش بـگرێتەوە. بەزۆری بازرگـانی بەمرۆڤەوە کارێکە کە لەلایەن گرووپە رێکخراوە تاوانکارەکانەوە ریکدەخرێت. لەوانەیە بەهەرحاڵ کەسوکار وەیان ناسیاوەکانی قوربانیەکەش لەو تاوانەی بازرگانی بەمرۆڤەوە تاوانبار بن.

قوربانی بازرگانی بەمرۆڤەوە مافی هەیە کەڵك لە یارمەتی سیستمی یارمەتی قوربانیانی بازرگانی بەمرۆڤەوە بەدەست بهێنێت: وەك رێکخستنی جێگاورێگا ژیان، یارمەتی بژێوی. خزمەتگوزاریەکانی کۆمەڵایەتی و تەندرووستی، راوێژی یاسایی ویارمەتی یاسایی، رێکخستنی ئاسایش وئاسوودەیی هەروەها مۆڵەتی نشینگەیی بەگوێرەی هەندێك مەرج، ئەگەر قوربانیەکە بەشێوەی نایاسایی لە فنلاندا بژی.

---

➢ **یارمەتی بەقوربانیانی بازرگانی بەمرۆڤەوە**
بنکەی پێشوازی لەپەناخوازانی یویتسەنۆ، تەلەفون: ٠٧١ ٨٧٦ ٣١٧٠
یەکێتی ژنانی مۆنیکا، تەلەفون: ٢٣٠٤ ٦٩٢ (٠٩)
ئێشکگری قوربانیانی تاوان، www.riku.fi
پۆلیس، ژمارەتەلەفونی فریاگوزاری: ١١٢

---

# دام و دەزگا وکاربەدەستانی گرنگ

**کاتێك کاروبارت بۆلای کاربەدەستان دەبێ، باشتر وایە لەپێشدا پەیوەندی بە کاربەدەستانی محەلی شوێنی ژیانتەوە بکەیت. دوای ئەوە ئەگەر کارەکەت چارەسەر نەکرا، داوای یارمەتی لە کاربەدەستانی سەرتاسەری بکە.**

### فەرمانگەی کۆچبەرێتی
**Maahanmuuttovirasto**
www.migri.fi
Lautatarhankatu 10
00580 HELSINKI
پرسگەی گشتی
ژمارەی تەلەفون: ٠٧١ ٨٧٣ ٣٤٠٠
دووشەممەهەینی کاتژمێر ٩ – ١٥

### ئین توو – بۆ ناو فنلاندا
**IN TO**
www.intofinland.fi
پۆستی ئەلیکترۆنی: info@intofinland.fi
Salomonkatu 17, A-porras, 2. krs
PL82, 00601 Helsinki
ئین توو خزمەتگوزاریەکی هاوبەشی کێلا و بەڕیوەبەرایەتی باجە بۆ کرێکارانێك کە بۆ فنلاندا دێن.

### بنکەی خانەنشینی ونەتەوایەتی (کیلا)
**KELA, Kansaneläkelaitos**
www.kela.fi
بنکەی خانەنشینی ونەتەوایەتی (کیلا) کاروباری بیمە کۆمەڵایەتیەکانی دانیشتوانی فنلاندا لە بارە جۆراوجۆرەکانی ژیانیاندا بەڕیوە دەبات.

### نووسینگەی نوینەری یەکسانی
**Tasa-arvovaltuutetun toimisto**
www.tasa-arvo.fi
ژمارەی تەلەفون: ٧٣٢٤٨ ١٦٠ (٠٩)
نوێنەری یەکسانی چاودێری بەڕیوەبردنی یاسای یەکسانی نێوان ژنان وپیاوان دەکات.

### فەرمانگەی کاروبژێوی
**Työ- ja elinkeinotoimisto**
www.mol.fi

### فەرمانگەی یارمەتی یاسایی میری
**Valtion oikeusaputoimisto**
www.oikeus.fi

### ڕاوێژکاری یارمەتی یاسایی
**Oikeusapuohjaus**
ژمارەی تەلەفون: ٠١٠٠ ٨٦٢٠٠ یارمەتی بەرەوپێشچوونی کارەکان دەدات بۆ ئەوەی دواتر داواکار داوای یارمەتی لەفەرمانگەی یارمەتی یاسایی میری بکات. ناوی فەرمی پارێزەرەکانی فەرمانگەی یارمەتی یاسایی "یارمەتیدەری یاسایی گشتی"یە.

### نووسینگەی نوێنەری کەمایەتیەکان
**Vähemmistövaltuutetun toimisto**
www.ofm.fi
پۆستی ئەلیکترۆنی: ofm@ofm.fi
ژمارەی تەلەفون: ٠٧١ ٨٧٨ ٠١٧١
ئامانجی نووسینگەی نوێنەری کەمایەتیەکان بەرگرتنە بە هەڵاواردنی ڕەگەزی، بەرویش بردنی پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکان، پاراستنی مافی کەمایەتیەکان وبیانیەکان و هەروەها چاودیری بەڕێوەبردنی بنەماکانی وستانەوە لە دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی.

### سەرچاوەی زانیاریەکان

### بانکی زانیاری
www.infopankki.fi

لە لاپەرەکانی بانکی زانیاریدا زانیاری سەرەکی بۆ کۆچبەران سەبارەت بە چالاکی و دەرفەتەکانی کۆمەڵگای فنلاندا هەیە. ئەم لاپەڕانەزانیاریەکان بەچەندین زمانی جۆراوجۆری کۆچبەران پێشکەش دەکات.

# چەند ڕێکخراو وخزمەتگوزاری یارمەتیدەرانە

**ژمارە تەلەفونی سەرتاسەری بۆ یارمەتی بەقوربانیانی بازرگانی بە مرۆڤەوە**
**Ihmiskaupan valtakunnallinen auttava puhelin**
ژمارەی تەلەفون: ٠٧١ ٨٧٦ ٣١٧٠
بنکەی پێشوازی لەپەناخوازانی یۆتسۆنۆ

**بنکەی چارەسەرکردنی ئەشکەنجەکراوان**
**Kidutettujen kuntoutuskeskus**
بۆنیادی دیاکۆنییسالایتوس لەهلسینکی
www.hdl.fi
Mäkelänkatu 58-60, 4. krs
00510 HELSINKI
ژمارەی تەلەفون: ٤٥٨٤ ٧٧٥٠ (٠٩)
ڕۆژانی کاری فەرمی کاتژمێر ٨.٣٠ – ١٥.٠٠

**بنکەی ئۆولو بۆچارەسەرکردنی ئەشکەنجەکراوان**
**Oulun kidutettujen kuntoutuskeskus**
بۆنیادی دیاکۆنییسالایتوس لەئۆولو
www.odl.fi
Isokatu 19 A 8, 90100 Oulu
ژمارەی تەلەفون: ٢٦٩٢ ٣١٣ (٠٨)
داواکارانی ئەم بنکەیەپەنابەران و پەناخوازان و کەس وکاریانن کە لە وڵاتی خۆیاندا ئەشکەنجەکراون. چارەسەرەکەش بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی گشتی لەسەر باری داواکار دەکرێت وبەڕاوێژ وهاوکاری هەمەلایەنەی پسپۆڕانی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت.

**یەکێتی ژنانی مۆنیکا Monika-Naiset liitto ry**
بەژنان،کچان ومنداڵانی کۆچبەر کەلەپەیوەندی هاوسەرێتی و خزمایەتیدا زەبروزەنگیان دیوە، خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات و گەشەی پێ دەدات.
www.monikanaiset.fi/
Kinaporinkatu 2 E 40, 00500 Helsinki
ژمارەی تەلەفون: ٩٩٩٩ ٧٢٧٩ (٠٩)
پۆستی ئەلیکترۆنی: info@monikanaiset.fi
ژمارەتەلەفونی ئێشکگری سەرتاسەری:
(٠٩) ٦٩٢ ٢٣٠٤

**نووسینگەی پشتیوانی پرۆ**
**Pro-tukipiste**
www.pro-tukipiste.fi
Pro-tukipiste Helsinki
Vilhonkatu 4 B 20, Helsinki
پۆستی ئەلیکترونی: toimisto@pro-tukipiste.fi
ژمارەی تەلەفون: ٢٨٧٧ ٧٦٢ (٠٩)

**نووسینگەی پشتیوانی پرۆ لەتامپێرێ**
**Pro-tukipiste Tampere**
Aleksis Kiven katu 10 E, Tampere
ژمارەی تەلەفون: ٢٢٠٠ ٣٤٥٤ (٠٣)
ئەم ڕێکخراوەیە بەمەبەستی باشترکردنی تەندروستی و ئاسایش و ڕیفاهی ئەو کەسانەی کە لە بواری سێکسدا کاردەکەن خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات.

**ئێشکگری قوربانیانی ئیغتیساب توکیناین**
**Raiskausuhripäivystys Tukinainen**
www.tukinainen.fi
ژمارەی تەلەفون: ٩٧٨٩٥ ٠٨٠٠

**ئێشکگری قوربانیانی تاوان**
**Rikosuhripäivystys**
یارمەتی بەتەلەفون، www.riku.fi/fi/etusivu
ژمارەی تەلەفون: ٠٢٠٣ ١٦١١٦
ئەرکی بنەڕەتی ئێشکگری قوربانیانی تاوان بریتیە لە باشترکردنی جێگاوڕێگای قوربانی تاوان، کەسوکاری و شایەتی تاوانەکە. خزمەتگوزاریەکە بەشێوەی سەرەکی بەئارەستەیەکی پیشەییدا و وەک کارێکی دڵخوازانە دەبرێتە پێشەوە.

**مەڵبەندی قەیرانی دەروونی SOS**
**SOS-kriisikeskus**
www.tukinet.fi
SOS Center – Crisis prevention for foreigners
ژمارەی تەلەفون: ٠٥٠١ ٤١٣٥ (٠٩)
ڕۆژانی کاری فەرمی کاتژمێر ٩ - ١٥
SOS-keskus
Maistraatinportti 4 A, 4. krs, 00240 Helsinki
کۆمەڵەی تەندروستی دەروونی فنلاندی، مەڵبەندی SOS یارمەتی دەروونی وپشتیوانی بۆ بارەکانی قەیران پێشکەش دەکات. ئەگەر کەسەکەش داوا بکات یارمەتیەکە بەپاراستنی نهێنی ناوی کەسەکە پێشکەش دەکرێت.

**کۆمەڵەی تەندروستی دەروونی باشووری ڕۆژئاوای فنلاندا**
**Lounais-Suomen mielenterveysseura ry**
www.turunkriisikeskus.fi
Yliopistonkatu 12 a B, 20100 Turku
ژمارەی تەلەفون: ٣٤٤٢ ٢٣٣ (٠٢)
ئەم خزمەتگوزاریە لە کاتی گیروگرفتی دەروونی قورس و گرفتی کۆمەڵایەتی تر یارمەتی داواکاران دەدرێت. ئەم یارمەتیە پیشەییە سروشتێکی چاککەرەوە، پشتیوانیدەر و ڕوونکەرەوەی هەیە.

## یادداشتەکانی خۆ

Kurdi (sorani), 2010



SISÄASIAINMINISTERIÖ

PL 26, 00023 VALTIONEUVOSTO
www.intermin.fi
وەزارەتی ناوخۆ

VÄHEMMISTÖVALTUUTETTU

PL 26, 00023 VALTIONEUVOSTO
www.ofm.fi
نوێنەری کەمایەتیەکان

TASA-ARVOVALTUUTETUN TOIMISTO

PL 33, 00023 VALTIONEUVOSTO
www.tasa-arvo.fi
نووسینگەی نوێنەری یەکسانی